# دەستی ڕووسیا لە ناو کەرتی وزەی عێراق و هەرێمی کوردستان دا: لێکەوتە ئابوریی و ناوچەییەکانی

د. بەهرۆز جەعفەر

مانگی ١٢ ی ٢٠٢٣

**ئینستیتوتی مێدیتریانە بۆ توێژینەوەی هەرێمایەتی- MIRS، دامەزراوەیەکی نا حکومی ئاکادیمی یە، گرنگی ئەدات بە توێژینەوە لە بواری سیاسەتە گشتییەکان و، نەوت و غازی سروشتی و سامانی ئاودا، هاوکات خۆی بە لایەنێکی گرنگی کارکردن ئەزانێت بۆ لێکۆڵینەوە لە بارەی جیۆپۆڵەتیك و بارودۆخی ناوچەیی و جیهانی بەگشتی، ئەیەوێت بەشداری زانستی بکات لەو گفتوگۆیانەی لەسەر ئاستی جیهانی دا، سەبارەت بە ئێستاو ئایندەی سەرچاوەکانی ووزەو ئاسایشی هەرێمایەتی و بونیادنانی ئاشتی و کێشە مرۆییەکان لە ئارادایە، هەروەکو سێکتەرەکانی کارکردن بە سێ زمانی کوردیی و عەرەبی و ئینگلیزیی لە وێبسایتی ئینستیوت دا ئاماژە پێدراوە(www.mirs.co) .**

# دەستی ڕووسیا لە ناو کەرتی وزەی عێراق و هەرێمی کوردستان دا: لێکەوتە ئابوریی و ناوچەییەکانی



**بـەهـرۆز جـەعفـەر**

دکتۆرا لە پەیوەندییە ئابورییە نێودەوڵەتییەکان. دامەزرێنەرو سەرۆکی پەیمانگەی مێدیتریانە بۆ توێژینەوەی هەرێمایەتی-MIRS

Jafarbahroz@gmail.com

## کلیلی سەرپێیی:

- ڕووسیاو عێراق خاوەنی سەرچاوەی دەوڵەمەندی نەوتن و بەرژەوەندی هاوبەشیان هەیە لە پەروەردەکردنی ژینگەیەکی لەبار بۆ وەبەرهێنان و بازرگانی وزە.
- هاوکاری نێوان ڕووسیا و عێراق لە کەرتی وزەدا، بە بەشدارییەکی بەرچاوی کۆمپانیا گەورەکانی وزەی ڕووسیا؛ ڕۆس نەفت، لوکۆیل، باشنەفت و گازپرۆم لە پیشەسازی نەوتی گەشەسەندووی عێراقدا دەردەکەوێت؛ لە ساڵی (٢٠٢٣) دا هەژموونی ئابوریی ڕووسیا لە عێراق گەیشتوە بە (١٩) ملیار دۆلار.
- ڕووسیا شانبەشانی هاوپەیمانی سەرەکی جیۆپۆلەتیکی خۆی کە "چین"ە، لە عێراقدا شانیان داوەتە بەر بازرگانی و وەبەرهێنان، دەیانەوێ هەمووی کۆنترۆڵ بکەن و لە عێراقەوە بانگی کۆتایی هەژموونی ڕۆژئاوا لە ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاست بدەن!
- ئەم جۆرە لە هەژموونی ڕووسیا بە سێ قۆناخ دەستی پێکرد، لە هەرێمی کوردستان (باکوری عێراق)ەوە لەساڵی (٢٠١٧)ەدا دەرکەوت و، لە کۆتایی (٢٠٢٣)شدا کۆمپانیای لۆک ئۆیەڵی ڕووسی زۆربەی ناوچە دەوڵەمەندەکانی باشووری کۆنترۆڵ کردوە.

## پێشەکی

مۆسکۆ لەگەڵ هاوپەیمانە جیۆپۆڵەتیکییەکەی خۆی کە "پەکین"ە، بەرەو کۆنترۆڵکردنی کەرتی وزەو وەبەرهێنان لە عێراق هەنگاویان ناوە. وا دیارە دەیانەوێ ڕۆژئاوا لە ڕێککەوتنەکانی وزە لە عێراق دوور بخەنەوە، بۆ ئەوەی بەغدا لە میحوەرە نوێیەکەی ئێران و سعودیە نزیکتر بمێنێتەوە. بۆ ساڵی (٢٠٢٣) ئاستی وەبەرهێنانی ڕووسیا لە عێراقدا گەیشتۆتە (١٩) ملیار دۆلار. زیاتر لەوەش، لە مانگی ئازاری (٢٠٢٣) دا کۆمپانیای نەوتی زیقار (DQOC) کە سەر بە دەوڵەتی عێراقە بە فەرمی پەرەپێدانی یەدەگەکانی (بلۆکی ١٠) ی پەسەند کرد؛ لەنێویاندا بۆ تەواوی کێڵگەی ئێریدو، کە گەورەترین کێڵگەی نەوتە لە دوای (٢٠٠٣) ەوە لە عێراق دۆزراوەتەوە. خەمڵاندنە سەرەتاییەکان ئاماژەیان بەوە کردووە کە کێڵگەی نەوتی ئێریدوی عێراق لە نێوان (٧-١٠ ) ملیار بەرمیل یەدەگی هەیە، ڕووسیا لەم کێڵگەیەشدا، لە ڕێگەی کۆمپانیای لۆک ئۆیەڵەوە دەستی بەکارکردن کرد. بڕیاری ئینپێکس-Inpex ی یابانی بۆ فرۆشتنی پشکەکانی لەسەدا ٤٠ لە ناوچەی بلۆکی ١٠ کە دۆزینەوەی

گەورەی ئێریدۆی تێدایە، ڕێگە ڕوون دەکاتەوە بۆ ئەوەی کۆمپانیای لۆک ئۆیەڵ کۆنترۆڵی تەواوی تەواوی ناوچە دەوڵەمەندە نەوتییەکان بکات. ئەمە جگەلەوەی لە (٢٠٢٣) دا کۆمپانیای ئیکسۆن مۆبیلی ئەمریکی کێڵگەی نەوتی ڕۆژئاوای قورنەی لە بەسرە بە جێهێشت و لۆک ئۆیەڵ (Lukoil) پشکەکانی کڕییەوە.

هەماهەنگی سەربازی و وزەی نێوان ڕووسیا و عێراق، هاوکاری بەردەوامی ئەوان نیشان دەدات. کۆمپانیایەکی وەک لۆک ئۆیەل تا ١١ ملیار دۆلار وەبەرهێنانی لە باشووری عێراق و بە تایبەتی لە ناوچەی بەسرە کردووە. پاڵنەرێکی دیکەی پەیوەندییەکە؛ کەرتی دەریاییە کە دەرفەت بۆ هاوکارییەکانی ڕووسیا و عێراق دەخاتە ڕوو. لەگەڵ پێگەی ستراتیژیی عێراق بەدرێژایی ڕێگا سەرەکییە دەریاییەکان و شارەزایی ڕووسیا لە پەرەپێدانی بەندەر و لۆجستیکی دەریایی، زیاتر دەری دەخات چ هاوتەرییییەکی سروشتی لە بەرژەوەندییەکاندا هەیە. هەوڵە هاوبەشەکان لە پەرەپێدانی ژێرخانی بەندەرەکانی عێراق و پەرەپێدانی هاوکاری دەریایی دەتوانێت بەشدارییەکی بەرچاو بکات لە بەرزکردنەوەی کارایی و توانای ڕێگاکانی بازرگانی دەریایی عێراق، بەمەش بازرگانی و وەبەرهێنانی زیاتر ڕابکێشێت.

ئایا ڕووسیا گەشتەکەی لە عێراق چۆن و بە چ میکانیزمێک دەست پێکرد؟ هۆکارەکانی گۆڕانی ستراتیجیی ناوچەیی لە لای زلهێزێکی وەک ڕووسیا بۆچی دەگەڕێتەوە ؟ ئایا پرۆژە ستراتیجییەکانی تری ڕووسیاو چین لە عێراق و ناوچەکەدا ستەمە مێژووییەکانی دوای جەنگی جیهانی یەکەم ڕاست دەکاتەوە؟ گاز و نەوتی عێراق و هەرێمی کوردستان چی بۆ ڕووسیا دەگەیەنێت؟ بوونی ڕووسیا لە گۆڕەپانەکەدا چ وانەیەکی مێژوویی-سیاسیی بۆ عێراق و کوردەکانی عێراق تێدایە؟

## چوارچێوە و سنوری باسکردن

بژاردەی هەرە لە پێشینەی زلهێزەکان و خاوەن پیشەسازییە گەورەکان؛ بەرزڕاگرتنی ئاسایشی نیشتیمانیی و بوونی ئاستیکی بەرزی کێبرکێیە لە ناو هاوکێشەکانی هێزدا. لە چوارچێوەی لووتکەی COP28 دا کە تایبەت بوو بە گۆڕانی کەشوهەوا لە (١ ی ١٢ ی ٢٠٢٣) لە دوبەی بەڕێوەچوو، ١٣٤وڵاتی جیهان جاڕنامەیەکیان بەناوی "جاڕنامەی ئیمارات" واژۆ کرد. زیاتر لە ٧٠ هەزار کەس، لەنێویاندا سەرۆک و سەرۆکوەزیرانی ٢٠٠ دەوڵەت و حکومەتی جیهان بەتەنیشت هەزاران بڕیاربەدەست، زانا، شارەزای بوارە جیاوازەکان، سەرۆک و ئەندامانی ڕێکخراوە نێودەوڵەتییەکان بەشدارییان لە گفتوگۆکاندا کرد بۆ دۆزینەوەی چارەسەر و چۆنیەتی

تەرخانکردنی پارە بۆ پرۆژەکانی ڕووبەڕووبوونەوەی گۆڕانی کەشوهەوا. بەڵام هێشتا دوو وڵاتە هەرە پیشەسازییە گەورەکە بەشدارنەبوون! هەر لە چوارچێوەی دەربڕینەکانیدا لە کۆپ-٢٨، سکرتێری گشتیی نەتەوە یەکگرتووەکان بەڕاشکاوی ڕایگەیاند، بۆ ئەوەی هەسارەی زەوی ڕزگار بکرێت، دەبێت جیهان لە بەکارهێنانی سووتەمەنی بەبەردبوو بوەستێت. بە پێچەوانەی هەموو ئەوانەوە، ئێمە لە بەردەم وێنەیەکی دیکەدا وەستاوین، کە سیاسەت و دەنگدانەوە جیۆپۆلەتیکییەکان، پیشەسازیی هایدرۆکاربۆن، نرخی وزە لە بازاڕی ئابوریی جیهانیدا باڵیان بەسەردا کێشاوە:

یەکێک لە پرفرۆشترین ڕۆژنامەنووسە دارایی و نووسەرە جیهانییەکان "سایمون واتکینز Simon Watkins"ە، کە بەرپرسی فرۆشتن و بازرگانی دامەزراوەیی فۆرێکس بووە و، دواتر بەڕێوەبەری فۆرێکس بووە لە بانکی مۆنتریال، هەروەها وەک ڕاوێژکاری مەترسی جیۆپۆلەتیکی بۆ ژمارەیەک سندوقی گەورەی پاراستن لە لەندەن و مۆسکۆ و دوبەی کاری کردووە. لە (١٠) ساڵدا پێنج کتێبی لەسەر بازرگانی دارایی و نەوت و بازاڕە داراییەکان نووسیوە، واتکینز تازەترین کتێبی خۆی لە (٢٠٢٣) دا لە ژێر ناونیشانی " سیستەمی نوێی بازاڕی نەوتی جیهانی و چۆنیەتی بازرگانیکردن پێی - The New Global Oil Market Order and How to Trade it " لە ئەمازۆن بڵاوکردۆتەوە. واتکینز جموجوڵەکانی ڕووسیا لە پێناو پێشبڕکێ لەبازاڕی وزەی جیهانییدا شرۆڤەدەکات، یارمەتیمان دەدا لە هەنگاوەکانی ڕووسیا لە عێراق و هەرێمی کوردستان لە بەرایی (٢٠١٧ ەوە بۆ کۆتایی ٢٠٢٣) تێبگەین، چۆن هەریەکێک لەم ڕووداوانە شێوازی کارکردنی بازاڕی نەوتی جیهانی لەو ماوەیەدا گۆڕیوە، چۆن ئێستا هەموویان کۆبوونەتەوە بۆ ئەوەی ڕێسای نوێی بازاڕی نەوتی جیهانی دروست بکەن.

بەلای واتکینزەوە هێشتا نەوت دیاریکەرێکی چارەنووسسازە بۆ داهاتووی دارایی و ئابووری هەموو وڵاتێک. هەروەها بەهۆی ئەمەوە ڕۆڵێکی گرنگی هەیە لە داڕشتنی سیاسەتی ناوخۆیی و نێودەوڵەتی ئەو وڵاتانەی بەرهەمهێنەر و بەکاربەری سەرەکی نەوتن لە ئاستی جیهان. وە لەبەر ئەوەی گرەوەکان زۆرن، بەشداربووانی سەرەکی لە بازاڕی جیهانی نەوتدا هەر شتێک دەکەن بۆ ئەوەی سوودێکی تێدا بەدەستبهێنن. بۆیە ئەوەی کە بازرگانەکە (واتە دەوڵەتانی فرۆشیار و کڕیار: دەوڵەت دەبێ بازرگانییانە ڕەفتاربکات) بەتەواوی دەبێ ئاگاداری بێت، ئەوەیە کە لە ماوەی سێ ساڵی ڕابردوودا گۆڕانکارییەکی گەورە ڕوویداوە: دیارترینیان بە دەستپێکردنی پەتای کۆڤید-١٩، پاشان لەشکرکێشی ڕووسیا بۆ ئۆکرانیا، ئنجا ئەمەش بوەتە

هۆی گۆڕینی شێوازی مامەڵەی یاریزانە پێشەنگەکانی بازاڕی نەوت لە جیهاندا، بۆیە بە جۆرێکی دیکە ڕێبازی سیاسیی و دیبلۆماسیی لە ئاستی ناوچەییدا پێناسە کردۆتەوە.

## ڕووسیا لە هەرێمی کوردستانەوە دەستی بە دەستکاریکردنی ناوچەکە کرد

ڕۆسنەفت و گازپرۆم بە پلەی یەکەم وەک چەکی دەوڵەتی ڕووسیا کاردەکەن. هەرچەندە ئەوان لە بازرگانیدان بۆ ئەوەی پارە بۆ خۆیان پەیدا بکەن، بەڵام دواجار ئەم کۆمپانیا دەوڵەتییە خزمەت بە بەرژەوەندی حکومەتی ڕووسیا و ڤلادیمێر پوتین دەکەن، هەروەها خزمەتی هەموو ئەو کارسازانە دەکەن کە داهاتە نا-شەرعییەکانیان بەندە بە بەردەوامبوونی دەستراگەیشتن بە پەمپی وزە لە جیهاندا. لە ساڵی (٢٠١٨) ەوە، لە ڕێگەی زنجیرەیەک گرێبەستی بازرگانی ستراتیژییەوە، ڕۆسنەفت بە تایبەتی بووەتە ڕیزبەندێکی شەڕانگێزی بەرژەوەندییەکانی دەوڵەتی ڕووسیا؛ پێگەی دیار و بەرچاوی کۆمپانیای زەبەلاحی نەوت بە وەبەرهێنانی بەرفراوان لە گۆڕەپانە سەرەکییەکانی سیاسەتی دەرەوە بۆ ڕووسیا بووە، لەوانە جەمسەری باکوور، چین، ڤێتنام، ڤەنزوێلا، ئەفریقا و ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاست.

لە حوزەیرانی ٢٠١٧ەدا، شاندی هەرێمی کوردستان بە ڕێبەرایەتی سەرۆکی حکومەت "نێچیرڤان بارزانی" و جێگری سەرۆکی حکومەت "قوباد تاڵەبانی" و "وەزیری سامانە سرووشتییەکان "ئاشتی هەورامی" سەردانی ڕووسیایان کرد، لە پەراوێزی بەشداریی کردنیان لە کۆربەندی ئابووری سانت پیترسبۆرگ دا کە سەرکردەکانی ١٣٠ وڵات و ١٢ هەزار کەسی بۆ خۆی ڕاکێشابو، گرێبەستێکیان لەگەڵ کۆمپانیای ڕۆس نەفت واژۆ کرد.

بەشێوەیەکی گشتی لە جیهاندا، گرێبەستی نەوت و غاز لە نێوان سێ لایەندایە: لایەنی یەکەم خاوەنی بەرهەمەکەیە (وڵات یان هەرێمی خانەخوێ)، دووەمیان، ئەو لایەنەیە کە پەیوەندارە بە ڕێڕەوی هەناردەکردنی نەوت یان غازەکە (لەمەی کوردستاندا تورکیایە)، لایەنی سێیەمیشیان کڕیاری بەرهەمەکەیە. بە پێی ڕێککەوتنی نێوان هەرێمی کوردستان و ڕۆس نەفت تەنیا گوژمەی دروستکردنی بۆری گواستنەوەی غازی شل لە هەرێمی کوردستانەوە بۆ ئەو بازاڕەی کۆمپانیای ڕۆس نەفتی ڕووسیا دەیەوێت، یەك ملیار دۆلارە، ئایا کۆمپانیایەکی وەك ڕۆس نەفت، گرێبەست لەگەڵ هیچ وڵاتێك بەو قەبارەیە واژۆ دەکات، کە گەرەنتی گواستنەوەی نەبێت؟ لە ساڵی ٢٠١٧ەوە کۆمپانیای زەبەلاحی وزەی ڕووسی ٣.٥ ملیار دۆلاری بە قەرز بە حکومەتی هەرێم داوە و گرێبەستی پەرەپێدانی پێنج بلۆکی نەوتی واژۆ کردووە، هەر بەو پێیە کۆنترۆڵی بۆری نەوتی کەرکوک – جەیهانیشی کردووە. لایەنەکان لە نیسانی ٢٠١٨ەوە،

ڕێککەوتن لەسەر جێبەجێکردنی بەرنامەی گەڕانی جیۆلۆجی و دەستپێکردنی بەرهەمهێنانی تاقیکاریی. ڕێککەوتنەکە لە کاتێکدا بوو، کە دوو گەورەترین کۆمپانیای بواری وزەی ئەمریکی "ئێکسۆن مۆبیل" و "چیڤرۆن" لە ساڵەکانی (٢٠١٥ و ٢٠١٦) ەدا، ژمارەیەک کێڵگەی هەرێمی کوردستانیان بە جێهێشت. هەروەها لە میانەی شەڕی داعش دا، حکومەتی فیدراڵی بەغدا مووچەی هەرێمی کوردستان و تێچووی هێزی پێشمەرگەی نەدەدا. هەرێمی کوردستان لە ساڵی (٢٠١٧) ەدا، بەرەو ڕیفراندۆمی سەربەخۆیی هەنگاوەکانی هەڵگرتبو، تێگەیشتنی ڕێبەرانی کوردستان وابوو کە ویلایەتە یەکگرتوەکان پاڵپشتی کورد ناکات لە کێشەکانی لەگەڵ بەغداد و، لە پرسی بەدەستهێنانی سەربەخۆیی سیاسییدا، کە دواتر لە ئەیلولی (٢٠١٧) ەدا نیزیکەی (٩٣٪) خەڵکی هەرێمی کوردستان لە ڕیفراندۆمەکەدا دەنگیان بۆ سەربەخۆیی دا و، بەهۆی فشارەکانی حکومەتی عێراق و پاڵپشتی نەکردنی هەرێمی کوردستان لە لایەن ئەمریکاوە، ئەنجامی ڕیفراندۆم شکستی هێنا.




**سانت پیترسبۆرگ- ڕووسیا (حوزەیرانی ٢٠١٧): نێچیرڤان بارزانی سەرۆکی حکومەتی هەرێم، قوباد تاڵەبانی جێگری سەرۆکی حکومەت، ئاشتی هەورامی وەزیری سامانە سرووشتییەکان لەگەڵ ئیگۆر سێچین بەڕێوەبەری جێبەجێکاری کۆمپانیای ڕۆس نەفت گرێبەست واژۆردەکەن.**

هەر لەسەرەتاوە بۆ عێراق، کۆتایی یارییەکە لە دەستبەسەرداگرتنی کاریگەرانەی ڕووسیا لە پیشەسازی نەوت و گاز لە هەرێمی کوردستانی پڕ لە کێشەی عێراقدا لە باکوورەوە دیار بووە.

کۆنترۆڵی ڕووسیا بەسەر کوردستانی عێراقدا لە ڕێگەی پرۆکسی کۆمپانیاکانی دەوڵەتەوە، بەتایبەتی ڕۆسنەفت، لە پایزی (٢٠١٧) ەوە، لە ڕێگەی سێ میکانیزمەوە مسۆگەر کرا:

یەکەم: یەک ملیار و ٥٠٠ ملیۆن دۆلاری ئەمریکی وەک دارایی لەڕێگەی فرۆشتنی نەوتی پێشوەختە کە لە سێ بۆ پێنج ساڵی داهاتوودا دەدرێت، دابینکرد.

دووەم: لەسەدا ٨٠ی بەرژەوەندی کارکردنی لە پێنج بلۆکی نەوتی گەورەی هەرێمدا وەرگرت، لەگەڵ وەبەرهێنانی دەرەنجامی و هاوکاری تەکنیکی و ئامێرەکان.

سێیەم: خاوەندارێتی لەسەدا ٦٠ی بۆرییە گرنگەکەی کە حکومەتی هەرێمی کوردستان پێشووتر بینای کردبوو، ئەوەش لەڕێگەی پابەندبوون بە وەبەرهێنانی یەک ملیار و ٨٠٠ ملیۆن دۆلاری ئەمریکی بۆ زیادکردنی تواناکانی بۆ یەک ملیۆن بەرمیل لە ڕۆژێکدا.

دوابەدوای ئەمە، ڕووسیا دەستکاری ناوچەکەی کرد و کەوتوتە بەریەککەوتنێکی سەرسوڕهێنەر لەگەڵ حکومەتی ناوەندی عێراق لە بەغدا، کە قۆناغی کۆتایی پلانی هێنانە ناوەوەی کاریگەرانەی هەرێمی کوردستانی عێراق بۆ ناو هەموو بەشەکانی تری عێراق. بەجۆرێک لە کۆتایی (٢٠٢٣) ەدا، ڕووسیا بە تەواوەتی لەڕێگەی بەشداریی لە کەرتی "گاز"ی عێراقدا بەرەوپێش دەچێت. بە لەبەرچاوگرتنی ئەمە، ئێستا ڕووسیا و چین هەنگاو دەنێن بۆ دەستەبەرکردنی باڵادەستی خۆیان بەسەر هەموو عێراقدا، لابردنی کۆمپانیای ئینپێکس لە مەیدانی فراوانی ئێریدۆ تەنها دوایین نموونەی ستراتیژی فراوانتربونیانە لە کارکردندا.

سیاسەتی فراوانخوازیی – دەرەوەیی ڕووسیا، لە دامەزراندنی یەکێتی سۆڤیەت لە ساڵی ١٩٢٢ەوە، ئەوە بووە کە ویستەکانی خۆی لە ناوچەکانی پشێویی و ئاژاوەدا بە پرۆژە بکات ( تەنانەت ئەگەر ئەو ئاژاوەگێرییە پێشتر بوونی نەبووبێت - هەوڵی دروستکردنی بدات). بۆیە سەیر نییە کە ڕووسیا کارکردن لەسەر ئامانجی فراوانخوازیی لە دەرەوەی خۆیدا زیاتر بەرەو پێش ببات. لە ئەیلوولی ٢٠١٧دا ئەوەی ڕووسیا دەیویست لە ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاستدا بۆ زیادکردنی ئەو دەستدرێژییە گەورەیەی کە پێشتر لە ئێرانی دراوسێدا کردبووی، ئەوە بوو کە کاریگەرییەکانی زیاتر بۆ ناو عێراق درێژ بکاتەوە، بەڵام لە باشووری عێراقدا نەیتوانی ئەوە بکات، چوونکە هێشتا ئەمریکا ئامادەبوونێکی سەرەکی لەوێ هەبوو. باشترین کاری دواتر ئەوە بوو کە بوونی خۆی لە هەرێمی نیمچە سەربەخۆی کوردستاندا جێگیر بکات، تا ئەو کاتەی کە بتوانێت کاریگەری خۆی لە بەشەکانی تری عێراق بەکاربهێنێت بۆ درێژکردنەوەی

پانتایی خۆی بۆ باشووری عێراق، پاشان سەرۆکایەتی یەکخستنی باکورو باشوری عێراق بکات بۆ یەک وڵات کە دەتوانێت کۆنترۆڵی تەواوی بەسەردا هەبێت.

## هەماهەنگیی کەرتی وزە لە نێوان ڕووسیا و عێراق دا

مایکڵ بارانتشیک ( Michael Barantschik) یەکێکە لەو پسپۆڕانەی کار لەسەر پاشخانی پیشەسازیی نەوت و گاز لە ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاست دەکات، پەیوەندییە بازرگانی و وەبەرهێنانەکانی نێوان ڕووسیا و عێراق بۆ مێژووییەکی دوور و درێژ و ئاڵۆز دەگەڕێنێتەوە؛ لە سەدەکانی ناوەڕاستدا، بازرگانان و گەڕانکارانی هەردوو ناوچەکە بەریەکدەکەوتن، بە ڕێرەوی بازرگانی ڤۆلگا و دەریای قەزوین دا دەڕۆیشتن، تۆڕی بازرگانی سەرەتاییان لە نێوان ئەو ناوچەیەدا دامەزراند کە زۆر دواتر بوو بە ڕووسیا و عێراق. پەیوەندی دیپلۆماسی فەرمی لە ٩ی ئەیلولی ١٩٤٤ دامەزرا و سەرەڕای دابڕانێکی کورت لە نێوان ساڵانی ١٩٥٥ بۆ ١٩٥٨، پەیوەندی نێوان هەردوو وڵات گەشەی کرد و بەغدا وەک هاوبەشێکی بەرچاوی سۆڤیەت لە جیهانی عەرەبیدا سەیرکرا.

لە ساڵی ٢٠٠٨دا، ڤلادیمێر پوتین سەرۆکی ڕووسیا لە بەشێکی زۆری قەرزەکانی عێراقی سەردەمی سۆڤیەت خۆش بوو، ئەمەش زەمینەی ڕێککەوتنێکی نەوتی بە بڕی ٤ ملیار دۆلاری ئەمریکی دانا. ئەم ئاماژەیە دەستپێکی یارییەکی قووڵتری ئابووری بوو، کە لە ساڵی ٢٠١٢دا زیاتر پتەوتر بوو بە بەشدارییە بەرچاوەکانی کۆمپانیای نەوتی لوک ئۆیەڵی ڕووسی لە کەرتی وزەی عێراقدا.

پەیوەندییەکانی ئەم دواییەی نێوان هەردوو وڵات زیاتر بەشداریکردنی ڕووسیای لە کەرتی نەوتی عێراقدا بەهێزتر کردووە. لە شوباتی ٢٠٢٣ سێرگی لاڤرۆڤ وەزیری دەرەوەی ڕووسیا سەردانی بەغدای کرد. یەکێک لە پرسە سەرەکییەکان کە باسکرا، میکانیزمی پارەدان بوو بە کۆمپانیاکانی وزەی ڕووسیا، کە ڕەنگدانەوەی بەرژەوەندی هاوبەشە بۆ بەردەوامبوون و فراوانکردنی پەیوەندییە ئابوورییەکان سەرەڕای سزاکانی ڕۆژئاوا. هەروەها ئەمە تەوەری بەردەوامی گفتوگۆی نێوان محەمەد شەیاع ئەلسودانی، سەرۆکوەزیرانی عێراق و ڤلادیمێر پوتین، سەرۆکی ڕووسیا بوو لە ١٠ و ١١ی ئۆکتۆبەری ٢٠٢٣ لە میانەی کۆبوونەوەکانیان لە کۆشکی کرێملین، کە لە پاشخانی بەردەوامی ململانێکان لە ئۆکرانیا و بارودۆخی ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاستەوە دەقی گرتبوو. پتەوکردنی پەیوەندیی لە نێوان ڕووسیاو عێراقدا هەموو بوارەکانی

گرتوتەوە؛ لە ٢٠٢٢ ـ٢٠٢٣ دا ڕووسیا (٢٠٠) کورسی خوێندنی خۆڕایی لە ئاستە جیاجیاکاندا بۆ هاوڵاتیانی عێراق دابین کردوە.

سەرباری گرێبەست لەگەڵ کۆمپانیا ڕووسییەکان؛ ڕووسیا و عێراق ڕێککەوتنیان واژۆ کردووە بە ئامانجی بەرزکردنەوەی هاوکارییەکان لە کەرتی نەوتدا، لەوانە پرۆژەکانی گەڕان و کونکردن و پەرەپێدانی ژێرخانی ئابووری. ئەم ڕێککەوتنانە هەنگاوێکی بەرچاوە بەرەو قووڵکردنەوەی پەیوەندییە وزەییەکانیان و دڵنیابوون لە ڕەوتی بەردەوامی وەبەرهێنانەکان کە گرنگن بۆ گەشەکردن و بەردەوامیی پیشەسازی نەوتی عێراق.

جگە لە کەرتی نەوت، لە کەرتی گازیشدا عێراق و ڕووسیا هەماهەنگیان هەیە. لەگەڵ ئەوەی عێراق ئامانجی کەمکردنەوەی سووتانی گازەکەیە و ڕووسیا ئەزموونێکی زۆری هەیە لە بەرهەمهێنان و پرۆسێسکردنی گازدا، هاوکارییەکی سروشتی هەیە بۆ هاوکاریکردن. دەتوانرێت یارمەتی تەکنیکی، وەبەرهێنانی هاوبەش لە دامەزراوەکانی پرۆسێسکردنی گاز و گواستنەوەی زانیاری زیاتر بکۆڵرێتەوە بۆ ئەوەی هەردوو وڵات سوودی هاوبەشیان هەبێت.

### چڕبوونەوەی بەشدارییە ئابوورییەکان پرۆژە ستراتیجییەکان بوێرتر دەکات

چڕبوونەوەی بەشدارییە ئابوورییەکان لە کەرتی وزەدا تیشک دەخاتە سەر پێویستی هەمەچەشنکردن بۆ دڵنیابوون لە پەیوەندییەکی ئابووری هاوسەنگ و بەردەوام. گەڕان بەدوای ڕێگا نوێیەکان بۆ هاوکاری ئابووری لە سەرانسەری کەرتە جیاوازەکاندا لەوانە کشتوکاڵ، تەکنەلۆژیا، بەرهەمهێنان، سەرمایەی مرۆیی و پەرەپێدانی کارامەیی دەتوانێت پەرە بە بەشدارییەکی ئابووری هەمەچەشن بدات، بەمەش پەیوەندی ئابووری نێوان ڕووسیا و عێراق دەوڵەمەندتر بکات.

گواستنەوە و ژێرخان توخمێکی گرنگن لە پەیوەندی دوولایەنەی ڕووسیا و عێراقدا، کە بڕبڕەی پشت بۆ بەرزکردنەوەی بازرگانی و هاوکاری ئابووری و پەیوەندی ناوچەیی پێکدەهێنن. عێراق پرۆژەیەکی بە بڕی ١٧ ملیار دۆلاری ئەمریکی دەستپێکردووە بۆ بەهێزکردنی ژێرخانی گواستنەوەی وڵاتەکەی، ئامانجی بەستنەوەی بەندەرێکی بەرچاوی کاڵا لە باشووری وڵاتەکەوە (بەندەری فاو) لەڕێگەی شەمەندەفەر و ڕێگاوبانەکانەوە بۆ باکورو سەر سنوری تورکیا، ئەمە پرۆژەی "ڕێگای گەشەپێدانی عێراق" ە، کە ئامانجی گۆڕینی عێراقە بۆ ناوەندێکی گواستنەوەی ناوچەیی لە ڕێگەی پەرەپێدانی ژێرخانی ڕێگاوبان و شەمەندەفەرەکەی، بەمەش ئەورووپا بە ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاستەوە ببەستێتەوە. ئەم پرۆژەیە کە

١٢٠٠ کیلۆمەتر لە تورکیاوە تا کەنداو درێژ دەبێتەوە، وەک بەردێکی بناغە بۆ ئابوورییەکی بەردەوامی نا-نەوتی و ئامرازێک بۆ پەرەپێدانی یەکگرتنی ئابووری لەناو ناوچەکەدا سەیر دەکرێت.

هەروەها، ئەم پرۆژەیە هێمای هەنگاوێکی ستراتیژییە بۆ بەرزکردنەوەی ڕەوتی بازرگانی و کەمکردنەوەی تێچووی گواستنەوە و باشترکردنی دەستڕاگەیشتن بە بازاڕەکان. بە وەبەرهێنان لە دروستکردنی هێڵی ئاسن، ڕووسیا و عێراق زەمینەسازی بۆ تۆڕێکی لۆجستیکی بەهێز دادەنێن، کە نەک تەنها سوودی بۆ بازرگانی دوولایەنە دەبێت، بەڵکو کاریگەرییەکی شەپۆلاوی لەسەر داینامیکی بازرگانی ناوچەیی دروست دەکات.

ئەگەرچی عێراق لە هەموو ڕوویەکەوە وڵاتێکی نا-سەقامگیرە، دۆخی سیاسیی و ناکۆکی نێوان پێکهاتە جیاوازەکان، هەروەها دەستوەردانی دەرەکیش وایکردوە گرەوی تەواوەتی لەسەر وەرچەرخانی وڵاتەکە لە خراپەوە بۆ باش و لە باشەوە بۆ باشتر نەکرێت. بەڵام هەبوون و خستنەڕووی دیدگایەکی ستراتیجی و جیۆپۆڵەتیکی کە کاریگەریی تەواو دەخاتە سەر توخمە ئابوریی و کەلتوری و تەکنەلۆژییەکان و ژینگەی بازرگانی گشتی دەبوژێنێتەوە ئەگەرێکی بەهێزە بۆ ئەوەی عێراق لە قووڕ و چڵپاوی دەیەکانی ڕابردوو دەربهێنێت، وەکو لە (٢٠٢٣) دا بە دروستکردنی ڕێگاوبان، مۆدێرنکردنی فڕۆکەخانەکان، دەستپێشخەرییەکانی گەشەپێدانی شارەکان دەستی پێکردوە.

### چیرۆکی کەرکوک: ڕووسیا هات و بریتش پێترۆلیۆم ڕۆیشت

نەوتی عێراق، لە ساڵی ١٩٢٧دا لە کەرکوک خۆماڵی کرا. کەرکوک شوێنی لە دایکبوونی پیشەسازی نەوتی عێراقە. کۆمپانیای بریتش پێتریۆلیۆم (بی پی) لە سێپتەمبەری ٢٠١٣دا، نیەتنامەیەکی لەگەڵ کۆمپانیای نەوتی باکوری سەر بە وەزارەتی نەوتی عێراق واژۆکرد، بۆ پاڵپشتیکردنی گەڕان و توێژینەوەکانی چالاکی مەیدانی لە کەرکوک بە بەهای (١٠٠) ملیۆن دۆلار. هاتنی داعش لە ساڵی (٢٠١٤) و دەستبەسەراگرتنی کێڵگە نەوتییەکانی کەرکوک لە لایەن هێزە کوردستانییەکانەوە، کارەکانی بی پی دواخست.

لە سەرەتای ساڵی ٢٠٢٠ دا، دوای تەواوکردنی ڕاپرسی و توێژینەوەی تەکنیکی بوارەکە، بی پی ئەنجامی کارەکانیان و لاپتۆپەکانیان بۆ کۆمپانیای نەوتی باکور بەجێهێشت. عێراق هیوای خواستبوو بی پی یارمەتی بدات بۆ سێ هێندەکردنی بەرهەمهێنان لە کێڵگەکانەوە بۆ یەک

ملیۆن بەرمیل لە ڕۆژێکدا، کە زیاترە لە یەک لەسەر پێنجی بەرهەمی ئێستای عێراق و دەکاتە لەسەدا یەک لە ئاستی بەرهەمهێنانی جیهانی.

بە پێی بەدواداچوونەکانی پەیمانگەی مێدیتریانە بۆ توێژینەوەی هەرێمایەتی، دەستگەیشتن بە زانیاریی و ئامارەکانی بی پی ئاسان نەبوەو نییە، بەڵام ئاماژەکانی دوای ڕۆیشتنی بی پی لەکەرکوک بۆ حکومەتی عێراق و کۆمپانیای نەوتی باکور هیوا بەخش نەبوە. ئەگەر ئەنجامەکانی توێژینەوەکە هاندەر بونایە بۆ کۆمپانیای بی پی و ڕۆژئاواییەکان، بێگومان ماوەی مانەوەو کارەکانیان درێژ-دە کردەوە. جگەلەوەش، زۆربەی نەوتی خاوی عێراق لەو ناوچانە بەرهەم دەهێنرێت کە لەلایەن حکومەتی ناوەندی بەغداوە بەڕێوەدەبرێن، لە باشوور و لە بەندەرەکانی باشووری سەر کەنداوەوە هەناردە دەکرێت. دوای ئەوەی داعش لە ساڵی (٢٠١٤) هێڵی بۆری کەرکوک- جەیهانی تەقاندەوە، حکومەتی هەرێمیش لە ماوەی (٢٠١٤ بۆ ئۆکتۆبەری ٢٠١٧) ڕۆژانە نیزیکەی ٣٠٠ هەزار بەرمیل نەوتی خاوی لە ڕێگەی هێڵی بۆری کوردستان- جەیهانەوە بۆ تورکیا هەناردە دەکرد، تا ئەوکاتەی کۆمپانیا ڕووسییەکان خۆیان لە هەرێمی کوردستان جێگیرکردو عێراق لەشەڕی داعش بوویەوە؛ ئیتر بە زەبری هێز و بە پاڵپشتی ناوچەیی و بێدەنگی بەریتانیاو ئەمریکا، حکومەتی ناوەندی عێراق کێڵگە نەوتییەکانی کەرکوکی کۆنترۆڵ کردەوەو، فەرمانڕەوایی هێزە کوردییەکانی لەشارەکە کۆتایی پێ هێنا.

### بۆچی ڕووسیا مکوڕە لەسەر تەنینەوەی هەژموونی خۆی لەناوچەکەدا؟

یەکێک لەو چەمکانەی بیرمەندە ڕووسەکان لە دوای جەنگی ساردەوە بە گەرمی کاری لەسەر دەکەن "ئۆراسیا"یە. ئۆراسیا، یەکێکە لە چەمکە ئاڵۆزەکان، چوونکە هێشتا لە ڕووی جوگرافییەوە شوناسێکی یەکانگیری نییە؛ ئایا مەبەست لێی ئاسیا و ئەوروپایە، یان ئەو ناوچانەی ئاسیاو ئەوروپا بەیەکەوە دەبەستنەوە. هەرچی شوێنێک بێت ڕووسیا و ئێران و عێراق و سوریا پێکەوە خاوەنی زۆرترین یەدەگی نەوت و گازی سرووشتین لە جیهانداو، پێگەو گرنگییان فەرامۆش ناکرێت و، هەژموونی ڕووسیا لەو ناوچانەدا بەر بڵاوە. ئۆراسیا هەر کوێیەک بێ، ڕووسیا هەموو شتێک دەکات تا سیستەمی تاک جەمسەریی و فەرمانڕەوایی جیهان بگۆڕێت، بۆ ئەوەش دەبێ لەو حەوزە ستراتیجییانەی وزەدا ئامادەگی هەبێت کە ڕۆژئاوا تیایاندا هەژموونێکی هەیە.

ئۆراسیا هەر کوێیەک بێ، تورکیا لەناو جەرگەیدایەو هەر هێڵێکی وزە ڕووسیا لە هەرێمی کوردستانەوە یان لە عێراقەوە ڕابکێشێت دەبێ تورکیا لایەنێکی سەرەکی گرێبەستەکە بێت (وەک لایەنێکی گرێبەستەکەی نێوان ڕۆس نەفت و هەرێمی کوردستانە). تورکیا دەکەوێتە سەر دەریای ناوەڕاست، دەریای ڕەش و دەڕوانێت بەسەر قەفقاس و ئۆراسیادا، بەشێکە لە ئەوروپا و بەشێکی سەرەکیشە لە ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاست.

ڕۆبەرت کابلان (Robert D. Kaplan) پرۆفیسۆرو پسپۆڕی جیۆسیاسیی ئەمریکی لە ساڵی (٢٠١٨) کتێبێکی بە ناونیشانی "گەڕانەوەی مارکۆ پۆڵۆ؛ جەنگ و ستراتیج و بەرژەوندییەکانی ئەمریکا لە سەدەی بیستو یەک" دا نووسیوە؛ دۆخەکە بە چرکەساتێکی ڕاگوزەر دەست نیشان دەکا، کە پێویستە لە دوو ئاستدا هەستی پێ بکرێت؛

یەکەم /ئەمریکا پێویستە لە ئۆقیانوسی ئەتڵەسیدا بەر بە هەژمونی چین بگرێت، لە ئەورووپاش بەر بە ڕاسترەو پۆپۆلیزم.

دووەم /بە بڕوای کاپڵان هەریەک لە جوگرافیا و تەکنەلۆژیا بەریەککەوتنیان هەیە. لێرەوەیە ڕووسیا هەمیشە هەژمونی بەسەر خۆرهەڵاتی ئەورووپادا هەیە، لە خۆرهەڵاتی ئەورووپا نارەزایی دژی سیستەمەکان وایکردوە بزوتنەوە ڕاسترەو و شەعبەوییەکان دەستەڵات بگرنە دەست. ئەمەش بەرژەوەندی ڕووسیا مسۆگەر ئەکات.

ئەمە نیشانمان دەدا، ڕووسیا لە هەر جێگەیەک دەبێ کە خۆرئاوا وەک بەرژەوەندیی خۆی لێی بڕوانێت. ئێستا وای دابنێین ڕووسیا پرۆژەی ئۆراسیای هەیە و ڕێبەرایەتی حەوزەی قەزوینیش دەکات، هەروەها لە (٢٩ ی ئایاری ٢٠١٤) وە یەکێتی ئابوریی ناوچەی ئۆراسیا (EAEU)پێکهێنراوە. حەوزەی کەنداوی عەرەبی ئەنجومەنی هاریکاری کەنداو (GCC) یان هەیە، لە ساڵی (٢٠١٠) وە گازی سرووشتی لە ڕۆژهەڵاتی دەریای سپی ناوەڕاست دۆزراوەتەوە و بەرهەمهێنەرە سەرەکییەکانی گازی سرووشتی لە ناو دەریاو لە کەنارە ئاوییەکاندا ئیسرائیل، قوبرس و میسرن، ئەوانیش زیاتر لە (٢٠) وڵات لووتکەی گازی ڕۆژهەڵاتی دەریای سپی (EMGF) یان درووستکردوە لە (٢٠١٧) وە. هەروەها "چین" لەم ناوچەیە بەگشتی پرۆژەی "پشتێنەی ڕێگا- پشتوێن و ڕێگا" ی هەیە. ئەی کورد لەناو ئەم پرۆژە ستراتیجییانەدا چۆن مامەڵە دەکات؟

### نەوت و گازی کوردستان چاوەڕوانی پرۆژەیەکی ستراتیجی لە سەرکردە کوردەکان دەکات

**وانە مێژووییەکە ئەوەیە چیتر نابێت کورد یاری پێکراو بێ لەلایەن هێزە ناوچەیی و جیهانییەکانەوە:**

بە درێژایی مێژوویی ناوچەکە، ململانێ لە پێناو ناسنامە، شەڕی تایەفی و هەوڵ بۆ جیابونەوەی "خوزستان" لە ئێران لە ئارادا بووە. بەتایبەتی عەرەب، لە دوای دووەمین جەنگی جیهانی و لە سەردەمی جەنگی سارددا، وەهایان دەبینی بە بێ ساخکردنەوەو یەکلاکردنەوەی خوزستان بەلای خۆیاندا، شتێکی وەهایان نەکردووە کە جێگەی باس بێت. ئەم ناوچەیە قورگی کەنداوە، بۆڕی هەناسەدانی ئێرانە، ڕێڕەوە بۆ هەناردکردنی نەک نەوت بەڵکو بەشێوەیەکی گشتی سەرجەم کاڵا بازرگانییەکان بەرەو خواروو و ڕۆژهەڵاتی ئاسیا.

کاتێک ساڵی (١٩٥٥) هەریەکە لە؛ عێراق، تورکیا، ئێران، پاکستان بەسەرپەرشتی شانشینی یەکگرتووی بەریتانیا "پەیمانی بەغدا" یان بۆ بەرگرتن و ڕێگرتن لە بڵاوبونەوەی بیری کۆمۆنیستی و هەژموونی یەکێتی سۆڤییەت واژۆکرد. بەهۆی کودەتای عەبدولکەریم قاسم لە ساڵی (١٩٥٨) و گۆڕینی سیستەمی فەرمانڕەوایی عێراق لە پاشایەتییەوە بۆ کۆماری، هەروەها بەهۆی تەشەنەسەندنی شیوعییەت و هەژموونی سۆڤیەت لە عێراقدا، عێراق کە ئەندامی دامەزرێنەری پەیمانی بەغدا بوو لە ٢٤ ی ئازاری ١٩٥٩ لە پەیماننامەکە کشایەوە. ئەمەش ململانێکەی سەختتر کردەوە؛

ئێران، بۆ ئەوەی عێراق و نەتەوەی عەرەبی سەرقاڵ بکات بە کێشەی کورد و شۆڕشی کوردەوە و "خوزستان"یان لە بیرببباتەوە، بەدرێژایی (١٤) ساڵ پاڵپشتی شۆڕشی ئەیلولی کرد. توانی تا ڕادەیەکی زۆر باش سەرکەوتوو بێت لە سەرقاڵکردنی حکومەتە یەکلەدوای یەکەکانی عێراق بە پرسی کوردەوە. ئەگەرچی دواجار شۆڕشی ئەیلول بۆ-خۆی بەڕێبەرایەتی مەلامستەفای بارزانی خاوەنی پەیامی نەتەوەیی و داخوازی ڕەوا بوو لەمەر دیاریکردنی چارەنووسی کوردستان، لەولاشەوە بەڕێژەیەکی زۆرباش کورد توانی هەموو هێزی سەربازیی عێراق سەرقاڵ بکات بەخۆیەوە.
یەکێتی سۆڤییەت ڕۆڵێکی بەرچاوی بینی لە ڕێککەوتننامەی ئازاری ١٩٧٠ دا؛ کە سەدام حوسێن ددانی نا بە مافەکانی گەلی کورددا، بۆ ماوەی چوار ساڵیش ئاگر بەست ڕاگەیەندرا (عێراق ئەوەی دەویست، تا خۆی پڕچەک بکات). کە عێراق پەیوەندیی لەگەڵ سۆڤییەت بەست، شای ئێران مەترسی پەیداکرد، داوای لە ئەمریکا کرد کورد لەخۆی نیزیک بکاتەوە، تا لە سۆڤییەت نیزیک نەبنەوە . لە ٩ ی نیسانی ١٩٧٢ عێراق ڕێککەوتنی لەگەڵ سۆڤییەت

کرد بۆ کڕینی چەک، تاخۆی بەهێزکرد بۆئەوەی شەڕدەست پێبکاتەوە بیانوویەک پێویست بوو، یاسایەکیان لە لە شوباتی ١٩٧٤ خستە بەردەست شۆڕش بۆ ئیمزاکردنی حوکمی زاتی، بێ ئەوەی پرسی دیاریکردنی سنوری تێدا بێ. هەر بەهۆی پرسی کوردەوە سەددام حوسەین پەنای بردە بەر شای ئێران و ڕێککەوتننامەی جەزائیری لە ساڵی (١٩٧٤) دا واژۆکرد، کە تیایدا عێراق دەستی لە بەشێک لە سنوری ئاویی خۆی لە "شەتولعەرەب" هەڵگرت بۆ ئێران. دوای ئەوەی شۆڕشی ئەیلول لەو گەلەکۆمەکییە ناوچەییەدا خامۆش کرا. ئینجا سەددام حوسەین لە ڕێککەوتنەکە پاشگەزبۆیەوەو جەنگی عێراق- ئێران هەڵگیرسا (سەدام هەڵیگرساند) و (٨) ساڵی [خایاند](#) .بەم پێیە، هەر پرسی کوردیش بوو بووە هۆی ئەوەی جەنگی دووەمی کەنداو بەرپابێت.

جیهان بینی ئەمریکا بەرانبەر کورد هینری کیسنجەر لەسەردەمی جەنگی سارددا دای ڕشتۆتەوە، ئەم دیدگایەش لە میانەی کۆبونەوەیەکدا لەگەڵ ڕیتچارد هێلمس، باڵوێزی ئەو کاتەی ئەمریکا لە ئێران، لە تەموزی ١٩٧٣دا باس دەکات. لەوێدا کیسنجەر هاوکێشەی پەیوەندی کورد و ئەمریکا وێنادەکات کە دەبێت تا ئەو ئاستە پاڵپشتی کورد بکرێت کە فشار بخاتە سەر نەیارەکانی ئەمریکا. نابێت ئەو فشارە بگاتە ئاستێک گۆڕانکاریی لە سیستەمی ناوچەکەدا دروست بکات. بۆیە دەبێت پشتیوانییەکە سنووردار بێت. تا ئێستاش شێوازی "پشتیوانی سنوردار" لە ئەمریکاوە بۆ کوردستان پەیرەو دەکرێت. بۆیە شۆڕشی کوردستان کۆتایی پێ هات، چوونکە باوەڕی ڕێبەری کۆچکردوو مەلا مستەفا وا بوو هەر جووڵەیەک بە بێ پاڵپشتی ئەمریکا یان سۆڤییەت سەرکەوتوو نابێت.

### هایدرۆکاربۆن، ئاسایشی هەرێمی کوردستانی خستۆتە مەترسییەوە

پانۆرامای ڕووداوەکان، لە دوای ساڵی (٢٠١٧) وە، کێرڤی ئابوریی سیاسیی و ئاسایشی هەرێمی کوردستانیان بەرەو داکشان بردوە:

- لە سێپتەمبەری ٢٠٢١ دا، ویلایەتە یەکگرتوەکان، بە بڕی (٢٥٠) ملیۆن دۆلار [پاڵپشتی دارایی](#) کێڵگەی گازیی کۆرمۆری کردوە، ئەوەش بۆ فراوانترکردنی وێستگەکانی کێڵگەکە (کە بە KH250) ناسراوە. چاوەڕێ دەکرێ لە کۆتایی (٢٠٢٤) دا ئاستی بەرهەمی ئەم کێڵگە سەرەکییە بگاتە (٧٥٠) ملیۆن پێ سێجا لە ڕۆژێکدا و، ساڵی دواتریش هەنگاو بنێ بەرەو (١) ملیۆن پێ سێجا گازی سرووشتی ڕۆژانە. کێڵگە کۆمپانیای کرێسنت پێترۆلیۆمی ئیماراتی لە ساڵی (٢٠٠٧) وە کاری تیادەکات.

- لەساڵی (٢٠٢١) ەوە، هەرێمی کوردستان و تورکیا بەیەک بڕوو ئاڕاستە پەیوەندییەکانی لەگەڵ وڵاتانی کەنداو بەرەو پێشتر دەبەن، ڕاپۆرتەکان باس لەوە دەکەن کە سەرکردایەتی حکومەتی هەرێمی کوردستان ڕۆڵێکی ناوەندیی هەبووە لە ئاسانکاری گفتوگۆی ڕاستەوخۆی نێوان تورکیا و ئیمارات، ئەگەرچی ئەمە ڕەنگە ڕۆڵێکی لاوەکییانە بێت، بەڵام ڕاپۆرتکردن لە سەر بەشدارییەکی هەرێمی کوردستان بەڵگەی هەڵسوڕانی ڕۆڵێکی ناوەندییە لە لایەن هەرێمی کوردستانەوە.
- سەرەتای شوباتی ٢٠٢٢، نێچیرڤان بارزانی، سەرۆکی هەرێمی کوردستانی عێراق، گەشتێکی بۆ ئەنقەرە کرد بۆ تاوتوێکردنی پەیوەندییە نزیکەکانی وزە لەگەڵ سەرۆک کۆماری تورکیا ڕەجەب تەیب ئەردۆغان.  هەر لەو مانگەدا هەرێمی کوردستان ڕایگەیاند کە تۆڕی بۆڕی غازی خۆی بەرەو سنووری تورکیا درێژ دەکاتەوە، لە ڕێگەی بۆرییەکی ١١٢ میلییەوە  زامنی دابینکردنی بەرفراوانی غاز دەدات. ئەمە هەنگاوێک بوو وەک بوێریکردنی تواناکانی هەناردەکردنی کوردستان دەرکەوت، هەروەها ئەوەی نیشاندا، کە پێگەی تورکیا وەک ناوەندێکی سەرەکی دابینکردنی غاز، بەتایبەتی بۆ بازاڕەکانی ئەورووپا بابەتێکە هەموو کات بیرلێکراوەیە. دوو هەفتە دوای سەردانەکەی نێچیرڤان بارزانی بۆ ئەنقەرە، لە میانەی سەردانێکدا بۆ قەتەر و ئیماراتی یەکگرتووی عەرەبی، مەسرور بارزانی سەرۆکوەزیرانی هەرێمی کوردستان تاوتوێی تواناکانی غازی کوردستانی کرد. لە (٢٠٢٢ و ٢٠٢٣) سەرۆکی هەرێم و سەرۆکی حکومەتی هەرێم پێکەوەو بە جیاجیا (١١) جار سەردانی ئیمارات و قەتەریان کردوە.
- ئەو جووڵانەی سەرەوە بە بێ مەترسیی و ئاڵەنگاریی نەبوون؛ لەگەڵیدا ئێران و گرووپە شیعییە- میلیشیاکان لە عێراق (بە ئاگاداری ڕووسیا)، بە ڕاستەوخۆ و ناڕاستەوخۆ چەندین هێرشی ئاشکرایان کردۆتە سەر کەرتی وزەی هەرێمی کوردستان. لە ئۆکتۆبەری ٢٠٢٢ ەوە تا جانیوەری ٢٠٢٣ سێ جار بە کاتیۆشا و درۆن هێرش کراوەتە سەر کێڵگەی کۆرمۆر.  لە ١٣ ی مارسی ٢٠٢٢ دا ئێران (١٢) مووشەکی نا بە شوێنی نیشتەجێبونی "شێخ باز بەرزنجی" خاوەنی گرووپی کۆمپانیاکانی کار لە هەولێری پایتەختی هەرێمی کوردستان (٤٠٪ ی هێڵی بۆڕی کوردستان کارگرووپ و ٦٠٪ ی ڕووس نەفت خاوەندارێتی دەکەن).
- هەرێمی کوردستان، بەدەست دابەشبوونی سیاسیی- ناوخۆییەوە دەناڵێنێت. بەپێی ڕاگەیەنراوی بافڵ تاڵەبانی، سەرۆکی یەکێتیی نیشتیمانیی کوردستان لە ٢٨ ی نیسانی ٢٠٢٢ دا، لە ئەنجامی کۆبوونەوەی لەگەڵ نوێنەر، نێردەی دیپلۆماسیی وڵاتانی بیانی،

ڕێکخراو و ئاژانسە نێودەوڵەتییەکان لە هەرێم ڕایگەیاند "ئەگەر گرێبەستی گازی سرووشتی بە شەفافی و بێ ئاگایی ئەوان بە ڕێوە بچێت، ئەوا دەبێت بەسەر لاشەی بافڵ جەلال تاڵەبانیدا بۆری غاز هەناردەی دەرەوە بکرێت"، هەر هەفتەیەک دوای ئەم هەڕەشەیەی سەرۆکی یەکێتی، تیرەکان هەناوی حیزبەکەی بافڵ تاڵەبانیان پێکا؛ گەورەترین بەرپرسی ئەمنی سەر بە حیزبەکەی بافڵ تاڵەبانی کە لە دۆسییە هەستیارەکاندا کاری کردوە، لە ناوچەی سولەیمانییەوە بەرەو هەولێر و ژێردەستەلاتی پارتی دیموکراتی کوردستان هەڵهات.

## دەرئەنجام

ڕووسیا، توانیویەتی تا ئاستێکی زۆر لە عێراقدا بچێتە پێش؛ بەگشتی دەست و سەری ڕووسیا لەناو خوانی وزەی عێراق و هەرێمی کوردستاندایە. بەڵام ڕێگای بەهێزکردنی پەیوەندییە بازرگانی و وەبەرهێنانەکانی نێوان ڕووسیا و عێراق بارگاویکراوە بە تەحەددای ناوخۆیی و دەرەکی. گرژییە جیۆپۆلەتیکییەکان لە ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاست، لەگەڵ سزا نێودەوڵەتییەکان، تەحەدای بەرچاو بۆ پەیوەندییە ئابوورییەکانی ڕووسیا و عێراق دروست دەکەن. هەروەک "مایکڵ بارانتشیک"یش لایوایە، گەشتکردن بەم ئاڵۆزییە جیۆپۆلەتیکییانەدا پێویستی بە بەشداریکردن لە گفتوگۆی بەردەوام هەیە لەسەر ئاستی دوولایەنە و ناوچەیی بۆ چارەسەرکردنی نیگەرانییە جیۆپۆلەتیکییەکان و پەروەردەکردنی ژینگەیەکی سەقامگیر بۆ هاوکاری ئابووری. بەربەستە داراییەکان، لەوانەش سنووردارکردنەکانی سزا نێودەوڵەتییەکان و نەبوونی ژێرخانی دارایی بەهێز، ڕێگری لە ڕەوتی بازرگانی و وەبەرهێنانەکانی عێراق و ڕووسیا دەکەن. گەڕان بەدوای میکانیزمە داراییە جێگرەوەکاندا و بەهێزکردنی ژێرخانی دارایی دەتوانێت ئاسانکاری بۆ ڕەوتی بازرگانی و وەبەرهێنان بکات، ئەمەش کاریگەرییەکانی ئەم بەربەستە داراییانە کەمدەکاتەوە. جگە لەوەش ژینگەی ڕێکخستنی کاروبارە سیاسی وئابوریی و ئەمنییەکانی عێراق دەتوانێت ئاستەنگ بۆ وەبەرهێنەرانی ڕووسیا دروست بکات. ڕێکخستنی پرۆسەکانی ڕێکخستن و دڵنیابوون لە شەفافیەت زۆر گرنگە بۆ ڕاکێشانی وەبەرهێنان و پەرەپێدانی هاوکاری ئابووری.

کەرتی وزەی هەرێمی کوردستان، دۆخی خراپی ئابوریی و دابەشبوونە ناوخۆییەکان لە هەرێمێکی وادا، چاوەڕوانی پرۆژەیەکی ستراتیجیی- گشتگیری هەمەلایەنە دەکات، بۆ ئەوەی سەرچاوە سرووشتییەکانی خۆی بوێرتر بکات و توانای هەبێت وەرچەرخانێکی جیۆپۆڵەتیکیی ئەنجام بدات، تا لەو ڕێگەیەوە خاڵی بەهێزی سیاسیی، ئابوریی ، دیبلۆماسی و ئەمنی زیاتر بۆ خۆی تۆمار بکات.

## بیبلۆگرافیا

1- Barantschik. M (2023) Russia and Iraq: The 2023/24 Trade and Investment Dynamics. Mediterranean Institute for Regional Studies. Available at: https://www.mirs.co/details.aspx?jimare=221
2- Iraq-business news (2023) Russia "Takes Control of Iraq's Biggest Oil Discovery for 20 Years" Available here: https://www.iraq-businessnews.com/tag/block-10/
3- Watkins (2023) Russia Takes Control of Iraq's Biggest Oil Discovery for 20 Years. Oil Price. Available at: https://oilprice.com/Energy/Crude-Oil/Russia-Takes-Control-of-Iraqs-Biggest-Oil-Discovery-for-20-Years.html
4- Cop 28 (2023) UAE Day 1, 2, 3, 4. Available at: https://www.cop28.com/en/
5- Watkins (2023) The New Global Oil Order And How To Trade It. Independently published. ISBN-13 : 979-8390950616
6- BLANK ،S (2021) Rosneft in Kurdistan: A Neglected But Critical Aspect of Russian Regional Strategy. KCCRC. Available at: https://www.kurdistanc.com/en/details.aspx?jimare=1111
7- Petkova (2019) What did Russia get from its KRG gamble? Aljazeera. Available at: https://www.aljazeera.com/features/2019/4/15/what-did-russia-get-from-its-krg-gamble
8- Borshchevskaya, A & Wahab, B (2018) In Search of a New Patron, the KRG Turns Back to Moscow. The Washington Institute for Near East Policy. Available at: https://www.washingtoninstitute.org/policy-analysis/search-new-patron-krg-turns-back-moscow
9- Zhdannikov, D (2018) The great Russian oil game in Iraqi Kurdistan. Reuters. Available at: https://www.reuters.com/article/us-rosneft-iraq-insight/the-great-russian-oil-game-in-iraqi-kurdistan-idUSKBN1HQ1R3/
10- الحمراني، فالح (٢٠٢٣) على هامش زيارة السوداني إلى موسكو: العراق في أولويات روسيا. الصباح. (٢٠٢٣/١٠/٢٢) https://alsabaah.iq/85857-.html
11- Emirates Policy Center (2023) "Iraq's Development Road Project: Geo-Political and Economic Implications and Prospects of Success". Iraq Studies Unit. Available at: https://epc.ae/en/details/featured/iraq-s-development-road-project-geo-political-and-economic-implications-and-prospects-of-success
12- Zhdannikov, D & Rasheed, A (2020) Exclusive: BP pulls out of Iraq's Kirkuk field as expansion plans stall. Reuters. January 21, 20203:57 AM PST. Available at: https://www.reuters.com/article/us-iraq-oil-bp-exclusive/exclusive-bp-pulls-out-of-iraqs-kirkuk-field-as-expansion-plans-stall-idUSKBN1ZK1BI/
13- Jaafar, Bahrooz (2023) The Geopolitics of the Iraqi Kurdistan Natural Gas: A Stalemate or a Shift in Perspective? The Mediterranean Institute for Regional Studies. Policy Paper. https://www.mirs.co/details.aspx?jimare=222

14- Jaafar, Bahrooz (2022) The United States and the Kurdistan Region's Energy Issue. The Mediterranean Institute for Regional Studies. https://www.mirs.co/details.aspx?jimare=182

15- Alaaldin, Ranj (2023). THE GEOPOLITICS OF IRAQI KURDISTAN’S GAS RESERVES: CHALLENGES AND PROSPECTS. The Middle East Council on Global Affairs.